# حوكمی هەڵواسینی نوشتەو بە خۆ وەكردنی بە مەبەستی خۆ پاریزی لە چاوو نەفەس یان نەخۆشی یان بە مەبەستی شیفا و هەر شتێكی تر

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الرقى ، و التمائم ، و التولة شرك ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 331 واتە : ( دوعا بەسەردا خوێندنەوە =روقیە كردن= ، وە نوشتەكان ، وە =التولە : جۆرێكە لە سیحر بە مەبەستی نزیك كردنەوەی ژن و مێرد یان لە یەك كردنیان ئەكرێ= شیركە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( من علق تميمة فقد أشرك ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 492 واتە : ( هەر كەسێ نوشتەیەك هەڵواسێ ئەوە شەریكی بۆ خوا داناوە ) .

## نوشتە چیە ؟

**نوشتە :** هەموو ئەو شتانەی خەڵك هەڵی دەواسێ بە دیوارو سەیارەو یان بە خۆ وە بكرێ لە مل یان لە دەست بكرێ بە مەبەستی شیفاو خۆ پاراستن لە چاوو نەفەس و ئەم شتانە وەك ئەوەی كە ئەبینین كەسێك خانوو دروست ئەكا بەردێكی شین بە دیواری یان ڕووی خانوەكەی هەلئەواسێ ، یان كەسێك منالێ ئەبێ مۆریەكی شین كە ڕەسمی چاوی تێدا بە ملی منالەكە یان بە یەخەی هەلئەواسێ یان زۆر ماڵ هەن ڕەسمی چاو لە ماڵ هەلئەواسن یان مۆری یان پەڕۆی سەوز یان داو هەلئەواسن ئەمانە هەمووی هاوبەش دانانە بۆ خوا و نەفامیە چونكە لە غەیری خوا كەس ناتوانێ سوود بە كەس بگەیەنێ یان زیانی پێ بگەیەنێ و لە سەری لادا .

## نوشتە ئەگەر بەقورئان بێ

هەندێك لە زانایان ڕێگایان داوە كە نوشتە بە قورئان بێ بەڵام زانایانی تر ئەمەیان ڕەد كردۆتەوە و ئەڵێن دروست نیە لەبەر ئەم هۆیانە : 1- فەرموودەكە ئەڵێ هەموو نوشتەیەك لە فەرمودەكە نەهاتووە كە ئەمە جیا بكاتەوە ئەگەر بە قورئان بێ 2- بۆ ڕێگرتن لەوەی ئەمە سەرنەكێشی بۆ شتی خراپ چونكە ئەوانەی شەعوەزەو سیحر ئەكەن خەڵك ئەخەڵەتێنن ئەڵێن ئێمە نوشتە بە قورئان ئەكەین

کەچی ئەوان شەیتانن و درۆ ئەکەن لە نوشتەکانیان هاوار لە شـەیتانەکان ئەکـەن و کوفر بە خوا ئەکەن 3– زۆر جار کەسانێك بێ ڕیـزی ئـەکا بـە قورئانەکـە بـۆ نمونـە ئەیخاتە ملی منالێك ئەو منالەش پیسی ئەکا یان ئەکەوێتە شوێنی پیس .

وە لەو جۆرە نوشتانە ئەوەیە کە کەسانێك نـاوی خـوا هەڵئەواسـن یـان قورئـان بـە ڕازاوەیی هەڵ ئەواسن جا لێشیان بپرسی ئەڵێ مەبەستمان نوشتە نیە بۆ جوانیـە ! ئەمە چ نەفامیەکە کەی قورئان و ناوی خوا بۆ ئەوە ئەبێ تـۆ مـاڵی پـێ بڕازێنیـەوە ئەوە بێ ئەدەبیە لەگـەڵ خـوای ئـەرزو ئاسمـان خـوا موسـڵمانان دوور بخاتـەوە لـە هەموو جۆرەکانی هاوبەش دانان و هەموو بیدعەو خورافاتێك .

تێبـینی : نوشـتە لـە گـەڵ دوعـا بـە سـەر داخوێندنـەوە جیـاوازە نوشـتە بـە هـیچ شێوەیەك دروست نیە هەڵواسینی بەڵام دوعا بە سەردا خوێندنـەوە دروسـتە ئەگـەر بە قورئان بێ یانی کەسێك قورئـان بخـوێنێ بـە سـەر کەسـێکا یـان دوعـای بـۆ بکـا دوعایەك کە تەنها لە خوا بپاڕێتەوە نەك لە مردوو یان لە شـەیتانەکان وە دوعاکـەی مانای ئاشکرا بێ نەك پسکە پسك بێو کەس تێی نەگات .

**باوکی حارث**